KCCRC

Islamic Studies

# کاریگەریی وێنە

## چۆن ڕێکخراوی داعش ڕاگەیاندنی بینراوی قۆستەوە؟




١٦٢ زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

Islamic Studies

# کاریگەریی وێنە
# چۆن ڕێکخراوی داعش ڕاگەیاندنی بینراوی قۆستەوە؟

ن: ئامینە فاید
و: ئیدریس سیوەیلی

زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ١٦٢

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ©

www.kurdistanc.com
kurdistan.kccrc@gmail.com
facebook.com/kurdistanccrc
053 - 318 2929
عێراق - سلێمانی - گردی سەرچنار
@KCCRC1

٢٠٢١

# کاریگەریی وێنە
# چۆن ڕێکخراوی داعش ڕاگەیاندنی بینراوی قۆستەوە؟

ن: ئامینە فاید

ڕاگەیاندنی هاوچەرخ بە کەرەستە و تەکنیکەکانی لە سایەی جیهانگیری و گۆڕانکارییە خێراکانی بواری تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندی، ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە لە ئاراستەکردنی جەماوەر بە رامبەر ڕووداو و پێشهاتە سیاسییە ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان، ڕاگەیاندن بووەتە کەرەستەیەکی کاریگەری دروستکردنی ڕای گشتیی لە ڕێگەی هەناردەکردنی بەها و پرەنسیپێک کە ڕۆڵی هەیە لە گۆڕینی بنەمای فیکری، بیروباوەڕ و ڕەفتار، زانایانی بواری کۆمەڵناسی و دەروونناسی جەخت لەوە دەکەنەوە کە ڕاگەیاندن کاریگەرترین ئامرازە لەسەر جەماوەر، بەهۆی فرەیی ئامرازەکانی لە هەرسێ بواری خوێندراو، بینراو و بیستراو و تێپەڕاندنی سنووری کات و شوێن.

وتەیەکی بەناوبانگ هەیە دەڵێت «وێنەیەک یەکسانە بە هەزار وشە»، بۆیە ڕاگەیاندنی بینراو هەژمونی سەپاندووە بەسەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، چونکە کاریگەری لەوانی تر زیاترە و بەراورد بە خوێندراو و بیستراو زۆرتر قەناعەت بە تاک دەکات، ئەمەش بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تەکنیک و تەکنەلۆجیایەی تێیدا بەکاردێت لە ڕەنگ، دەنگ، کارتێکەرە دەنگییەکان و دیمەنەکان، هاوکات پێکەوە هەستەوەرەکانی بینین و بیستن دەدوێنێت، ئەمە وێرای ئەوەی وێنە توانای تێپەڕاندن و شکاندنی بەربەستی زمانی هەیە و توێژی جیاواز و بەرفراوانی کۆمەڵگە دەدوێنێت.

لەگەڵ زیادبوونی ڕۆڵ و کاریگەری ڕاگەیاندنی بینراو، ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانیش لەسەروی هەموویانەوە داعش ئەو دەرفەتەی قۆستۆتەوە کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و تەکنەلۆجیا بەکاربێنێت بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆجیاکەی، ئەمەش وای کرد بنکەی جەماوەری و نفوزی فراوان بێت، بەجۆرێک لە سەرەتای ڕاگەیاندنی خیلاقەتەکەیەوە لە ٢٠١٤ لە ژێر ناوی (ڕاگەیاندنی جیهادیی) برەو بە کاری خۆی دەدات.

ئەو ڕاگەیاندنەی داعش برەوی پێداوە، ڕاگەیاندنی تەقلیدی و هەواڵی تێپەڕاندووە، ئەرکەکەی سەریکێشاوە بۆ جەنگی فیکری و دەروونی دژی دەوڵەتانی بەئامانجگیراو، بەجۆرێک کە چەندین پێگەی ڕاگەیاندن و ناوەڕۆکەکەی بەتایبەتی بینراو، چالاکیی و جوڵە و کردەوەکانی ڕێکخراوەکە بە پەیامە ئایدۆلۆجیەکەی و پڕوپاگەندە و ڕێنماییی ڕەفتارییەوە پەخش دەکەن.

لەسەر ئەو بنەمایە، ئەم توێژینەوە باس لە چۆنێتی قۆستنەوەی ڕاگەیاندنی بینراو دەکات لەلایەن داعشەوە، لەوانەش فیلمی بەڵگەنامەیی، دیمەنی ڤیدیۆیی و ... تاد، سەرەتا بە خستنەڕوی گرنگترین وێستگەکان و سروشتی بڵاوکراوە بینراوەکانی داعش لە سەردەمە جیاوازەکان، دواتریش خستنەڕووی سیما و تایبەتمەندی ئەو بڵاوکراوانە، ئەمەش یارمەتیدەرە لە تێگەیشتن و شیکردنەوەی ستراتیجی ڕاگەیاندنی بینراوی داعش.

**دیارترین وێستگەکانی چالاکیی ئەلکترۆنی داعش**

چالاکیی ئەلیکترۆنی داعش پێبەپێی گۆڕانکاریی و پێشهاتەکانی گۆڕەپانی سیاسیی و ڕاگەیاندن ڕۆیشتووە، کە کاریگەری هەبووە لەسەر ئامادەیی و هێزی ڕێکخراوەیی لە واقیعدا، هەروەک واقیعەکەش ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر قەبارەی

بەرهەمهێنراوەکانی ڕاگەیاندنی بینراو بەمشێوەیە:
١- درێژبوونەوە: سەرەتاکانی ڕاگەیاندنی بینراوی داعش لەلایەن هەردو دەزگای (فورقان و ئیعتیسام) ەوە

بەهەمهێنران لە شێوەی زنجیرەیەکدا لە ٢٠١٣ بەدواوە لەژێر ناوی (رسائل من ارض الملاحم)، ژمارەی بڵاوکراوە بینراوەکان گەیشتە (٥٥) بڵاوکراوە، لەوانە فیلم و دیمەنی ڤیدۆیی کە چالاکییەکانی ڕێکخراوەکەبوون لە عێراق و سوریا، یاخود وێنەی ژیانی چەکدارانی بیانی ناو ڕێکخراوەکە، ئەمەش وەک هاندان و بانگەشەکردنێک بۆ هاتنی هاوڕێکانیان بۆ

> بەرهەمی ڕاگەیاندنی داعش لە ٢٠١٥ گەیشتە لوتکە، لەو ساڵەدا نزیکەی (٢٧٠٠) ماددەی ڕاگەیاندنی لە مانگێکدا بەرهەمهێنا

«زەوی خیلافەت» هەروەکو خۆیان ناویان لێنابوو.
لەگەڵ دامەزراندنی (خیلافەتی ئیسلامی) لە ٢٠١٤، یەکەم دەرکەوتنی ڕێبەری ڕێکخراوەکە ئەبوبەکر بەغدادی بوو لە تۆمارێکی ڤیدۆیدا لەژێر ناوی (وتاری ڕاگەیاندنی خیلافەت) کە لە مزگەوتێکی موسڵ وتاریدا، دوای ئەوە ڕێکخراوەکە سنوری خۆی بەتەواوی بەرفراوان کرد و پێگەی بەهێزتربوو، تواناى تەکنیکی بەکارهێنانی وێنە و دەنگی زۆر زیاتر بوو، ئەمەش لە چوارچێوەی دابەشکردنی ناوچەکانی

ژێردەستی بۆ چەند ویلایەتێک و دروستکردنی نووسینگەی ڕاگەیاندنی تایبەت بە هەر ویلایەتێک و دەستەبەرکردنی وێنەگر و تەکنیککار بۆی، ئەرکی ئەو نووسینگەیە خۆیدەبینیەوە لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتی وێنەیی و ڤیدیۆیی چالاکییە سەربازیی و مەدەنییەکانی ڕێکخراوەکە لە سنوری ویلایەتەکەدا و بڵاوکردنەوەی لە پێگەکانی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.
لەو قۆناغەدا، ڕێکخراوەکە وێنە و دیمەنی ڕاسنەقینەی سووتاندن، سەربڕین، غافڵگۆزی و تەقینەوەی بڵاودەکردەوە، ئەمەش بە ئامانجی ترساندنی دوژمنەکانی، نمونەی ئەو بڵاوکراوانە: (صليل الصوارم)، (واقتلوهم حيث ثقفتموهم) و (فشرد بهم من خلفهم)، ئەمە وێڕای بڵاوکراوەی (شفاء الصدور)، کە دەزگای (ئەلفورقان) لە (٢٠١٥) بەرهەمیهێنا و سووتاندنی فڕۆکەوانی ئوردنی (مەعاز کەساسیبە)ی لەناو قەفەسێکدا خستەڕوو.
بەگوێرەی ناوەندی نێودەوڵەتی بۆ توێژینەوە لە توندڕەوی و توندوتیژی سیاسیی، بەرهەمی ڕاگەیاندنی داعش لە ٢٠١٥ گەیشتە لوتکە، لەو ساڵەدا نزیکەی (٢٧٠٠) ماددەی ڕاگەیاندنی لە مانگێکدا بەرهەمهێنا، لەوەشدا وێنە پلەی یەکەمی وەرگرتبوو بە ڕێژەی (٧٥٪) واتە بەکارهێنانی (٢٠٢٥) وێنە لە مانگێکدا، بە پلەی دووەمیش دیمەنی ڤیدۆیی بە ڕێژەی (٢٥٪) کە دەکاتە (٦٧٥) ماددەی فیلم لە مانگێکدا.
٢- شکان: لە کۆتایی ٢٠١٥ تا سەرەتای ٢٠١٦ گوتاری داعش لەوەدا خۆیدەبینیەوە کە خۆیان وەکو (سەملێکراو) بخەنەڕوو، ئەمەش لە ڕێگەی خستنەڕووی قوربانییەکانی بۆردومانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش، تێبینی ئەوە دەکرێت لەو قۆناغەدا بڵاوکراوە بینراوەکانی داعش تایبەت بە چالاکییەکانی لە پاشەکشەدابوو و دابەزییە نزمترین ئاست لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە، لە بەرامبەردا ناوەڕۆکی بڵاوکراوەکان تەرکیزی لەسەر دژەهێرشی نەیارانی ڕێکخراوەکە بووە، بە جۆرێک ڕێژەی پێکهاتەکەی گەیشتوەتە (٣٥٪) لە کۆی ئەو ڕاپۆرت و بڵاوکراوە بینراوانەی لەو ماوەدا ڕێکخراوەکە بڵاویکردوەتەوە،


KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

ئەمەش دەرئەنجامی چەند هۆکارێکە لەوانە:
یەکەم: توندبوونی چاودێری ئەلیکترۆنی لەسەر سەکۆکانی راگەیاندنی رێکخراوەکە و پێگە و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.
دووەم: شکستی رێکخراوەکە لە چەندین ناوچەی عێراق و سوریا، ئەمەش بووە هۆی پاشەکشە لە جۆر و قەبارەی چالاکییەکانی رێکخراوەکە.
سێیەم: گەیشتنی بەرهەمی راگەیاندنی بینراوی داعش بە لوتکەی خوێنڕێژی، ئەمەش وای کرد لە سەرەتاوە سەرنجەکان بەلای خۆیدا کەمەندکێش بکات، بەڵام بەردەوامبون لەسەر ئەو حاڵەتە وردە وردە کاریگەری

**هیچ گرووپێکی تیرۆرستی وەکو داعش بەو شێوە بەرزەی ئاستی پیشەیی و تەکنیکی بابەتە بینراوەکانی بەکارنەهێناوە، بە تایبەت لە رووی تێکەڵکردنی وێنە، تێکست و دەنگ**

کەمبویەوە.
چوارەم: رێکخراوەکە کەوتە بەردەم هەڵمەتی هێرشی ئاسمانی هێزە نێودەوڵەتییەکان، ئەمەش بووە هۆی کوژرانی ژمارەیەکی بەرچاوی سمبول و راگەیاندنکارەکانی کە بەرپرس بوون لە بەرهەمهێنانی بڵاوکراوەکان و بڵاوکردنەوەی لە پێگە و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.
پێنجەم: قەبارەی زیانە مرۆییەکانی رێکخراوەکە بەهۆی ئەو هێرشانەی دەکرایە سەر پێگە سەرەکییەکانی، ئەمەش ئەوەی دەخواست کە چەکداری زیاتر لەخۆبگرێت و تەرکیزی لەسەر گوتاری (سەنەملێکراو ی بێت.
هەموو ئەمانە پاڵینا بە رێکخراوەکەوە کە هەندێک بڵاوکراوەی نوێ بەرهەمبێنێت بە مەبەستی پەیامدان بە راگەیاندنکاران کە رێکخراوەکە پێویستی پێیانە، ئەمەش لە رێگەی تەبەنیکردنی گوتارێکی ئایینی سۆزداری هەروەک لە بڵاوکراوەکانی (مجاهد انت) و (مجاهد انت یا اعلامي).
٣- هەوڵی مانەوە: لە چوارچێوەی هەوڵەکانی رێکخراوی داعش بۆ مانەوە و دووبارە بڵاوبوونەوە، بە تایبەت دوای ئەو شکستانەی توشیبوو و مایەپوچبوونی لە رووی راگەیاندنەوە، ناوەندی (ئەلحەیات) بۆ بەرهەمی راگەیاندن سەر بە داعش لە ٢٠١٧، بەشی دووەمی زنجیرەی (لهيب الحرب)ی وەرگێڕدراو بۆ ئینگلیزی بڵاوکردەوە، کە بەشی یەکەمی لە ٢٠١٤ لەژێر ناوی (لهيب الجرب، الان جاء القتال) بڵاوکردەوە، زنجیرەی دووەم لەژێر ناوی (لهيب الحرب، الى قيام الساعة) یەکەم بەرهەمی راگەیاندنی داعش بوو دوای ئەو شکستەی لە چەندین ناوچەی سوریا بەسەریدا هات بڵاویکردەوە لە ٢٠١٧، کە لە مێژووی بڵاوکراوە بینراوەکاندا لە هەموویان زیاتر توندوتیژی لەخۆگرتبوو، وەک جۆرێک لە بازدانی سینەمایی بوو کە وێنەی وەحشیگەری رێکخراوەکەی نیشاندەدا لە کوشت و سەربڕین.
بڵاوکراوەکە، هەندێک وێنە و ڤیدۆی لەخۆگرتبوو کە چالاکی رێکخراوەکە بوون لە سەردەمی دەسەڵاتیدا لە ناوچەکانی ژێر دەستی لە عێراق و سوریا، ئەمەش بە ئاماژەی خستنەڕووی پەیامی هێز کە گوایە هێشتا ئەندامان لەژێر ئاڵاکەیدا بەردەوامن لە چالاکیی.
ناوەندی راگەیاندنی (ئەلحەیات) لە شەوی سەری ساڵی ٢٠١٧ ڤیدۆیەکی لەژێر ناوی (یا کفار العالم) بڵاوکردەوە، بەئاگاهێنانەوەی زۆری چەندین سەرکردەی بە زمانە جیاوازەکان لەخۆگرتبوو کە وێنەیان لە ڤیدۆکەدا پەخشکرابوو، لەوانە: بەشار ئەسەد، دۆناڵد ترامپ و ڤلادیمیر پۆتین، گۆرانییەکی جیهادی بە

زمانی فەرەنسی وەرگێڕدراو بۆ عەرەبی و ئینگلیزی ئێکەڵ بە دیمەنەکانی کوشتنی مەیدانی و چالاکییەکانی داعش کردبوو، شایانی باسە، دوای ئەو لێکترازان و شکستانەی داعش لە ٢٠١٧ بەخۆیەوە بینی، ناوەڕۆکی بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوەکە جەختیدەکردەوە لەسەر ئارامگری و خۆڕاگری و هاندان بۆ بەیعەتدان دژی نەیارانی و دەوڵەتە بەئامانجگیراوەکان، هاوکات بانگەشەی دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە چالاکی لەو ناوچانەوە کە ناوینا (زەوی کۆچ) وەک بریارێک بۆ ناولێنانی قۆناغی دوای شکستی لە پێگە سەرەکییەکانی لە زەوی خیلافەت لە عێراق و سوریا.

هەر لەو چوارچێوەدا، دەزگای (جەنگ و ڕاگەیاندن) لە دەستپێکی ٢٠٢١ فیلمێکی بەڵگەنامەیی بەرهەمهێنا لەژێر ناوی (البداية والنهاية) وەرگێڕدرابوو بۆ ئینگلیزی، گێڕانەوەیەکی خێرای سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسلامیی خستەڕوو، تا پەرەسەندن و ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیی لە عێراق و شام ناسراو بە داعش، ئەمەش لە ڕێگەی خستنەڕووی چەندین وێنە و تۆماری بینراو، دەنگی و ڤیدۆیی کە پێشتر دەزگاکانی ڕاگەیاندنی عەرەبی و ڕۆژئاوا دەربارەی چالاکیەکانی ڕێکخراوەکە لە عێراق و سوریا بڵاویانکردبوویەوە، بەدواشیدا ئەو زیانانەی خستبووەڕوو کە ڕێکخراوەکە بەهۆی هێرشی نەیارانی و بە تایبەت هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لێیکەوتبوو.

کۆتایی فیلمەکە تەرکیز دەکاتە سەر بیرۆکەی گەڕانەوەی نفوزی ڕێکخراوەکە، ئەمەش پاڵپشت بە ڕاپۆرتێکی بیانی وەرگێردراو بۆ عەرەبی کە گوایە «دەوڵەتی ئیسلامیی بەهێزدەبێتەوە و سوود لە پەنا وەردەگرێت، هێرشەکانی زیاد دەکات و زیاتر بڵاودەبێتەوە»، هەروەک کۆتاییەکەی ڕاپۆرتێکی ئەمەریکی دەخاتەڕوو کە هۆشداری دەدات لە گەڕانەوەی داعش بەشێوەیەکی مەترسیدار لە پێشتر.

بەوجۆرە، لە کۆتاییشدا فیلمەکە زنجیرەیەک لە چالاکییەکانی داعش دەخاتەڕوو کە لەو دواییانەدا لە چەند ناوچەیەکی نوێ ئەنجامیداون بە تایبەت لە کیشوەری ئەفەریقا، لە هەریەکە لە نەیجەر، مۆزەنبیق، بۆرکینا فاسۆ، نەیجریا و مالی، ئەمە وێڕای هێرشەکانی بۆسەر تاڵیبان و هەوڵەکانی بۆ جێپێکردنەوەی لە فلیپین و گێڕانەوەی ئەو ناوچانەی لە سوریا لەدەستیداوە.

ئەم فیلمە، ئەواوکەری جەنگێکی دراميیە، پاڵەوانەکانی دەنگ و ڕەنگن، ڕێکخراوەکە لە وەڵامی فیلمێکدا بەرهەمی هێنا کە بە زمانی عەرەبی بەناوی (موسڵ) لە ٢٦ تشرینی دووەمی ٢٠٢٠ بلاوبوویەوە و چیرۆکی حەشدی شەعبیە کە میلیشیا چەکدارەکانی عێراق و سەد هەزار سەربازی هێزە تایبەتەکانی عێراق (سوات) لەخۆدەگرێت، کە بەشداری جەنگی ئازادکردنی موسڵ بوون لە دەستی داعش، فیلمەکە هاوپەیمانی کاتی نێوان سوننە، شیعە، مەسیحی و کورد دەخاتەڕوو، بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی هاوبەش کە ڕزگارکردنی وڵاتەکەیانە لە ڕێکخراوی داعش، بە چاوپۆشی لە پاڵنەر و بەرژەوەندییەکانیان.

وەڵامی ڕێکخراوی داعش بۆ فیلمەکە دوو بڵاوکراوەی بینراو بوو بەناوی (معركة الموصل) و (الموصل ... الرواية الاخرى)، تێیدا گێڕانەوەیەکی پێچەوانە و دژ دەخاتەڕوو، لە ڕێگەی خستنەڕووی دیمەنی جەنگەکە و هێرشی راستەقینەی ڕێکخراوەکە کە لە کاتی جەنگی موسڵ ئەنجامیداوە و لە دەیان ڕاپۆرتی ڕۆژانەی بڵاوکراوەی ڕێکخراوەکە وەرگیراوە کە لە ماوەی جەنگەکە لە (٢٠١٦- ٢٠١٧) بڵاویکردونەتەوە،

### تایبەتمەندی ڕاگەیاندنی بینراوی داعش

تایبەتمەندی بڵاوکراوە بینراوەکانی داعش بە پێی چەند گۆڕاوێک دەستنیشان دەکرێن، بە نموونە: چوارچێوەی کات و شوێنی بڵاوکراوەکە، سروشتی بەرهەمەکە و ناوەڕۆکی، جۆری جەماوەری بەئامانجگیراو لە ڕووی ڕۆشنبیری و ئاستی خوێندن، توانا و ئامادەیی گۆڕانکاری، بە گشتی گرنگترین تایبەتمەندی بابەتی بینراوی داعش بەمجۆرەیە:

یەکەم: بەرهەمێکی دروستکراو و وەرگیراوە بە دیقەتێکی زۆرەوە لەلایەن بەرهەمهێنەرانەوە بۆ ئاراستەکردنی پەیامێکی دیاریکراو، خستنەڕووی

بابەتەکە بە جۆرێک کە ئەبابێت لەگەڵ دونیابینی و بەرژەوەندی بەرهەمهێن و دروستکەری بەرهەمەکە.
دووەم: ناوەرۆکێکی رووکەشی هەیە، یان ناوەرۆکێکی قوڵ کە لە عەقڵی ناوەکی بینەردا جێگیر دەبێت بێ ئەوەی بەخۆی بزانێت.
سێیەم: دەتوانێت واقیع بشێوێنێت، راستیەکان ئاوەژوو بکات، جا لە رێگەی وێنەوەبێت یاخود شێوازی مۆنتاج، یان خستنەڕووی ناوەرۆک لەگەڵ تێکستێک یان دەنگێکی دیاریکراو، یان لە چوارچێوەی کاتێکدا کە کاریگەری لەسەر عەقڵیەت و دەروونی بینەر جێبێڵێت.
چوارەم: خوێندنەوەی بابەتە بینراوەکان بەگوێرەی ئاستی رۆشنبیری دەگۆڕێت، هەیە دەگەڕێت بەدوای راستی و دروستی بابەتەکان تا ئاستی لایەنداری ئەرێنی یان نەرێنی لە بابەتەکەدا بدۆزێتەوە، هەیە بەلایەوە قورسە بەدوای ئەوەدا بگەڕێت کە بە تەواوی لە بەرهەمە بینراوەکە روونکراوەتەوە.
شایانی باسە هیچ گرووپێکی تیرۆرستی وەکو داعش بەو شێوە بەرزەی ئاستی پیشەیی و تەکنیکی بابەتە بینراوەکانی بەکارنەهێناوە، بە تایبەت لە رووی تێکەڵکردنی وێنە، تێکست و دەنگ، هاوکات لە رووی کاریگەری فیکری و سۆزداری لەسەر وەرگر، رێکخراوەکە وەزارەتێکی راگەیاندنی لەسەر ئینەرنێت هەیە کە سەکۆ، پێگە، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی بۆ دەبەن بەڕێوە، هەڵدەستن بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکانی رێکخراوەکە کە رێنمایی فیکری و چالاکییەکانی لەخۆدەگرێت، گرنگترین تایبەتمەندی راگەیاندنی بینراوی داعش ئەمانەن:
یەکەم: جیاوازی کۆالێتی و ناوەرۆکی بەرهەمەکان بە گوێرەی دەزگاری بەهەمهێن گرووپ و جەماوەری بەئامانجگیراو دەگۆڕێت، گوتاری راگەیاندنی بینراوی داعش ئاراستەی سێ گرووپ دەکرێت: بەئامانگیراوان بۆ بوونە چەکدار، بێلایەن و گوێگران لە هەمووولایەک، دوژمن و دەوڵەتانی بەئامانجگیراو.
بۆ نموونە ئەگەر ئامانج کەمەندکێشکردنی چەکداربێت لە سەرانسەری جیهان تا پەیوەندی بە رێکخراوەکەوە بکەن و بیناسن، رێکخراوەکە بەرهەمێکی بڵاوکردەوە بە ناوی (انها خلافة ورب محمد)، کاتێکیش ئامانجی دواندنی حکومەتە عەرەبییەکانی ناوچەکە بوو تا سەرنجیان بۆ گۆڕەپانەکانی جەنگ راکێشێت، داعش زنجیرە بەرهەمی (صليل الصوارم) و (فشرد بهم من خلفهم)ی بڵاوکردەوە، لە کاتێکدا فیلمی (لهيب الحرب) بە زمانی ئینگلیزی پێچەوانەی ئەوانەی پێشوو ئاراستەکراو بوو بۆ وڵاتانی رۆژاوا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.
دووەم: جۆرێک لە پەیوەندی لە نێوان ناونیشانی بڵاوکراوەکان و کرداری ناو دیمەنەکە لە کوشتن و توندوتیژی هەیە، بۆ نموونە ڤیدۆی (السهم الخائب)

> پرۆسەی لەقاڵبدان یەکێکە لە کەرەستە چەواشەکارییەکانی راگەیاندنی داعش، لەو چوارچێوەدا زانیاری و راستییەکان بە جۆرێك لە قاڵبدەدرێن تا وێنەیەکی دیاریکراو بدەنە بینەر

و زنجیرەی (صليل الصوارم) کە هاندان و وروژاندنی لایەنگرانی رێکخراوەکەیە بۆ کوشتن، ئەمەش پاڵپشت دەکات بە ئایەتی پیرۆزی قورئان تا جۆرێک لە پیرۆزی ئایینی بداتە کارەکان، وەک لە ڤیدۆی (واقتلوهم حيث ثقفتموهم) دەبینرێت.
سێیەم: تێهەڵکێشکردنی وێنە و ڤیدۆکان بە مۆسیقا و کارتێکەری وێنەیی کە دەنگی راستەقینەی مەیدانەکانی

جەنگ و تەقینەوە و ئەڵاهوئەکبەر لەخۆدەگرێت، ئەمە وێڕای خوێندنەوەی ئایەتی قورئان و چەند سرود کە هاندەری توندوتیژین.

چوارەم: رێکخراوەکە دەیهەوێت وێنای (پاڵەوانی نمونەیی) برەوپێبدات هاوشێوەی ئەوەی لە فیلمەکانی هۆلیود دەبینرێت، بەڵام بە سۆز و بەرگێکی ئیسلامیی، بەجۆرێک بینەر هانبدات پەیوەست بێت بە رێکخراوەکەوە، جەختدەکرێتەوە سەر (ئەفسانەی جیهاد) بە وێنەگرتنی چەکدارەکان و نیشاندانیان وەکو پاڵەوان کە دەخوازن مافی زەوتکراو بگێڕنەوە و کارەکەیان پیرۆزە و بە پێکەنینەوە بەرەو مەرگ دەچن.

پێنجەم: رەچاوکردنی زنجیرەیی لە نیشاندانی جەنگ و جوڵەکان و وردی لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی ترساندن لە نیشاندانی دیمەنی سێدارە و سەربڕین و سوتاندن.

## ستراتیجی راگەیاندنی بینراوی داعش

رێکخراوی داعش، هەندێک تایبەتمەندی راگەیاندنی بینراوی خۆی بەکاردێنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، ئەمەش بە پشتبەستن بە چەندین ستراتیجی راگەیاندن و پروپاگەندە، وێڕای جۆراوجۆری و فرەیی ستراتیجەکان کە داعش تەبەنی کردووە لە سەرەتای چالاکیی تیرۆریستی خۆیەوە، بە زۆری بەرهەمە بینراوەکان کاری لەسەر ئەوە کردووە کە رووداوەکان بە جۆرێک بخاتەڕوو کە خوێنەر چەواشە بکات و بنکەی جەماوەری و چەکداری بەهێز بکات، بە ئومێدی لەخۆگرتنی چەکداری زیاتر بەم جۆرە:

١- لەقاڵبدان، پرۆسەی لەقاڵبدان یەکێکە لە کەرەستە چەواشەکارییەکانی راگەیاندنی داعش، لەو چوارچێوەدا زانیاری و راستییەکان بە جۆرێک لە قاڵبدەدرێن تا وێنەیەکی دیاریکراو بدەنە بینەر، جا ئەمە تایبەت بێت بە بابەتێکی دیاریکراو یان گرووپێک، بە تایبەت دوای ئەوەی راگەیاندن بووە سەرچاوەی سەرەکی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕ، دونیابینی، کەلتور و دیدی سیاسیی وڵاتان و گەلان.

پرۆسەی لەقاڵبدان بەوە دەستپێدەکات کە چەندین سیمای نەرێنی بلکێنرێت بە بابەتی بەئامانجگیراوەوە، پاشان زیادەڕۆیکردن لە نیشاندانی ئەو سیمایانە و دووپاتکردنەوەی، بە جۆرێک هیچ دیوێکی ئەرێنی نەمێنێتەوە، بەمەش خراپی بابەتەکە لە مێشکی بینەردا دەچەسپێت، بە تێپەڕبوونی کات و بەردەوامی پرۆسەی لەقاڵبدان لە رێگەی ئامرازی جۆراوجۆری راگەیاندنەوە لە خستنەڕووی وێنەی بابەتەکە، پرۆسەی چەواشەی بینەر سەردەگرێت و وێنایەکی نەرێنی بابەتەکە لە مێشکیدا دەچەسپێت، دواجار رق و تورەیی بەرامبەر بابەتەکە بۆ دروستدەبێت کە رەنگە بگاتە ئاستی نواندنی توندوتیژی بەرامبەر بابەتەکە.

پرۆسەی چەواشەی راگەیاندن لە سایەی جەنگ و بەریەککەوتنی بەرژەوەندی و ئامانجەکان زۆرتر بەرجەستە دەبێت، هەر لایەنێک دەخوازێت رایگشتی بۆخۆی کەمەندکێش بکات و لایەنگر بۆ خۆی دژی لایەنەکەی تر دەستەبەر بکات، ئەمەش لە رێگەی: یەکەم: زیادەڕۆیی لە خستنەڕوو و ئاڵۆزی زانیارییەکان کە لە بەرهەمە بنیراوەکاندا دەخرێنەڕوو، تا بینەر نەتوانێت شیکار و راڤەی بۆ بکات و دڵنیابێت لە راستی و ردوستی ناوەرۆکەکەی. دووەم: یاریکردن بە ناوەرۆکی بابەتە بینراوەکە لە وێنە و ڤیدۆ، لە رێگەی شێوازی تۆمارکردن و گرتنی ڤیدۆ و وێنەکە، یان گۆڕینی ناوەرۆکەکەی بەهۆی تەکنیکی نوێ بە قرتاندن یان زیادکرنی ناوەرۆک بەجۆرێک پێچەوانەی ئەوەبێت کە لە واقیعدا دەگوزەرێت. سێیەم: هەڵبژاردنی چەمک بە شێوەیەکی ئەرێنی یان نەرێنی و بەکارهێنانی لە سیاقێکدا کە دەچێتە خزمەتی چەواشەکردنەوە، دواجار دەبێتە هۆی بڕیاری نابابەتی بینەر لەسەر بابەتەکە. چوارەم: وروژاندنی تەنگژە و چاوخستنەسەر بابەتی لاوەکی و ئامانجدار تا سەرنج لەسەر بابەتە سەرەکییەکان لابدرێت.

لەقاڵبدان ستراتیجێکی راگەیاندنی بینراوی داعشە، بەهۆیەوە بینەر چەواشە دەکات بەوجۆرەی خزمەت بە بەرژەوەندی و ئامانجەکانی دەکات، گوتاری داعش ئەوە نییە وتاری خۆرسکی وتاربێژێک بێنێت و پەخشی بکات، بەڵکو پرۆسەیەکی تەواوکارییە کە

چەندین کەسی شارەزا و پسپۆڕ کاری تێدادەکەن لە بەرهەمهێنانی فیلمی کورت، بەڵگەنامەیی و دیمەنی ڤیدۆیی.

پرۆسەی بەرهەمی راگەیاندن لای داعش بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، گرنگترینیان پێش بەرهەمهێنانە، کە لەلایەن لیژنەی راگەیاندنی رێکخراوەکەوە رێنمایی دەدرێتە کەسەکان سەبارەت بە رووداو و ئامانجی دیاریکراو، پاشان سروشتی ئەو بابەتەی پێویستە کۆبکرێتەوە، جا تێکست بێت، یان وێنە، یان ڤیدیۆ، یان دەنگ، پرۆسەی لەقاڵبدان لای داعش بەم جۆرەیە:

یەکەم: رێکخراوەکە لە رێگەی بابەتە بینراوەکانەوە هەڵدەستێت بە چاندن و برەودان بە رق بەرامبەر ئەوانی تر، جا بە هۆی ئایینەوە بێت، یا ئایینزا، یا جیاوازی ئینتیمای فیکری و سیاسیی، هاوکات لکاندنی سیمای نەشیاو بە بەرامبەرەوە وەکو (تاغوت، دوژمنانی خوا، دوژمنانی ئیسلام، کافر، هەڵگەڕاوە، خیانەتکار و ... تاد)، تا گیانی رق و تۆڵەکردنەوە لە دەرونی شوێنکەوتوانی زۆرتر برەوپێبدات.

دووەم: بەکارهێنانی مانای چەمکەکان بە جۆرێک خزمەت بە ستراتیج و ئامانجەکانی بکات، وەک بەکارهێنانی چەمکەکانی: جیهاد، شەهیدی، خیلافەی ئیسلامیی و نەوەکانی خیلافەت، کە لە رێگەی زنجیرە فیلمێکی دۆکۆمێنتاری کە نیشانی منداڵان دەدران بەشێوەیەکی پلەپلە ئەم چەمکانە لە مێشکیان دەچەسپێنران.

سێیەم: رێکخراوەکە خۆی وا وێنادەکات کە نموونەیەکە لە جێبەجێکردنی دادپەروەری کۆمەلایەتی و مامەڵەی شیاو بەگوێرەی رێنماییەکانی ئیسلام، جا چ لەگەڵ ئەندام و شوێنکەوتوانی بێت، یان بەرامبەر ئافرەتان، یان منداڵان و چینەکانی تری کۆمەڵگە.

چوارەم: رێکخراوەکە بانگەشەی ئەوە دەکات کە لەسایەی فەرمانڕەوایی ئەودا بازاڕەکان گەشاونەتەوە و خێر و بەرەکەت روویتێکردووە، هاوکات ژیانێکی سەربەرزانەی بۆ لایەنگرانی فەراهەمکردوە و رێورەسمە ئایینییەکان جێبەجێدەکەن.

پێنجەم: گوتار ئاراستەی موسڵمانان دەکات بەوەی کە قناعەتیان پێبکات ئەو جەنگەی ئەوان پێی هەڵدەستن لەپێناو راگیرکردنی دەوڵەتی ئیسلامییە و واجبێکی شەرعییە، تاکە رێگەی سەرکەوتنیش بەکارهێنانی هێز و ترخستنەدڵی دوژمن و نەیارانە لە رێگەی لەسێدارەدان، سەربڕین، سوتاندن و تەقاندنەوە.

٢- پروپاگەندەی بەسەربازگرتن: پروپاگەندە لە چوارچێوەی راگەیاندنی بینراو کە داعش کاری لەسەر دەکات بەجۆرێکە کاریگەری بکاتە سەر ئاراستە و رەفتاری کۆمەڵگەی بە ئامانجگیراو لە ماوەیەکی دیاریکراودا، ئەمەش بە ئامانجی بنیادنانی ئاراستە و سۆزی دەستەجەمعی بەرامبەر بابەتێکی دیاریکراو، ئەمە تا ئاستێکە کە دەرچوون لەو بیرکردنەوە دەستەجەمعیە کارێکی تا رادەیەک ئەستەم بێت، کاریگەری پروپاگەندە پەیوەستە بە توانای قۆرخکردنی گروپی بەئامانجگیراو و دەستەبەرکردنی دەرفەتی زیاتر تا کاریگەرییەکە زۆرتربێت و پشتەستور بە تەکنیکی بەکارهاتوو، پرۆپاگەندەکەش بۆ سێ جۆر دابەش دەبێت:

یەکەم: پروپاگەندەی سپی: بەلای وەرگرەوە سەرچاوە و ئامانجی پروپاگەندەکە دیارە، جەماوەر دەزانێت بە ئامانجی کارتێکردنی ئەم بابەتە بەرهەمهاتووە.

دووەم: پروپاگەندەی رەش: سەرچاوە و ئامانجەکەی دیار نییە، خەڵک نازانێت ئەمە هەوڵێکە بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەری و پاڵنانی بە ئاراستەیەکی دیاریکراو.

سێیەم: پروپاگەندەی خۆڵەمێشی: گوتاری راکەیانراو چەند ئامانجی رانەگەیەندراو و شاراوەی لە پشتە. جێی ئاماژەیە، ئاسان نییە گوتاری داعش لە نێوان ئەم سێ جۆرەدا پۆلێن بکەین و جیایبکەینەوە، زۆرجار تێکەڵە لەوانە، گوتاری داعش بە گۆڕانی گرووپی بەئامانجگیراو دەگۆڕێت، بە تایبەت لە رووی تەمەن، ئاستی رۆشنبیری و رەگەز، هەروەک لە چوارچێوەی کات و شوێنی بڵاوکردنەوەی بەرهەمە بینراوەکە دەگۆڕێت.

لە سەرەتای سەرهەڵدانی پەتای کۆرۆنا لە ٢٠٢٠،


KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

ئەندامانی داعش بە شێوەیەکی بەرفراوانتر لە ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئامادەییان هەبوو، سودیان لە کەرتنینە وەرگرتبوو بۆ برەودان بە بڵاوکردنەوەی زیاتری بیر و بانگەشەی خۆیان، تەنانەت وا وێنای ئەو پەتایەشیان دەکرد کە سەربازێکی خوایە و ئەو دەوڵەتانە دەگرێتەوە کە دژایەتی داعش دەکەن.

لە سەرەتاوە داعش پشتیبەستبوو بە گوتاری (ستەملێکراو)ی و (توندوتیژی)، یەکەمیانی کردە پاساو تا مومارەسەی توندوتیژی بکات، پاشان گوتارەکە گۆڕا بۆ تێهەڵکێشکردن و هاندان، بەجۆرێک یەکەم بووە پێشەکی بۆ دووەم، ئەمەش لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە و دواندنی تاکەکان و ئاراستەکردنیان بۆ وەرگرتنی ئایدۆلۆجیای ڕێکخراوەکە و دواجاریش هەستانی تاک بە ئەنجامدانی چالاکیی لە داهاتودا، تا لە قۆناغی لایەنگری نەرێنی بگوێزرێتەوە بۆ لایەنگری ئەرێنی و ڕەتکردنەوەی واقیع و هەڵگەڕانەوە لێی، ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی پڕوپاگەندەی هاندان.

نمونەی ئەم ستراتیجە، ئەو ڤیدۆیەیەکە کەناڵی (ئەلئیعتیسام)ی سەر بە داعش لە ٢٠١٤ بڵاویکردەوە، تێیدا چەکدارێکی داعش بە ڕەگەز کەنەدی بەناوی (ئەبوئەنوەر کەنەدی) دەردەکەوێت پەیامێک ئاراستەی موسڵمانانی کەنەدا و ئەمەریکا دەکات، سەرەتا خۆی وەکو یەکێک لەوان دەناسێنێت کە خلیسکێنەی سەر بەفری کردوە و مۆسیقای لێداوە، پاشان جیهادی هەڵبژاردووە لە پێناو بەرپاکردنی شەریعەتی خوا لەسەر زەوی، دواتر داوایان لێدەکات یان کۆچ بکەن بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خیلافەت، یان لە شوێنی خۆیان (دارولکوفر) جیهاد بەرپابکەن، بە وتەی ئەو «بارگە و بنە بپێچنەوە یان بۆمبەکە بتەقێننەوە».

ئەمە وێڕای ئەو بەرهەمە بینراوەی دوای کوژرانی مامۆستایەکی فەرەنسی لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ داعش بڵاویکردەوە، کە ستایشی ئەنجامدەری کردەوەکەی کرد، پاڵپشتی هەر کردەوەیەکی تیرۆرستیشی دەکرد بێ جیاوازی لە نێوان ئامانجی سەربازی و مەدەنی، ڕەخنەشی لەو کەسانە دەگرت کە بە ڕێگەی ئاشتی و فیکری بەرگری لە پێغەمبەر (د. خ) دەکەن و هانیدان کە تەنها بە ڕێگەی چەک دەبێت بەرگری بکرێت.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی گوتارێکی یۆتۆپیا لە بڵاوکراوە بینراوەکانی داعش هەستپێدەکرێت، بە جۆرێک پەیوەستبون و ژیان لە سایەی خیلافەت بە جۆرێک لە (شاری پەسەندکراو) دەچوێنرێت، هەروەک لەو فیلمەکەی کەناڵی (ئەلحەیات) لەژێر ناوی (لا حیاة بلا جهاد) بەرهەمیهێنا و چەکدارێکی بیانی دەردەکەوێت بە ئینگلیزی قسەدەکات و دەڵێت «چارەسەری خەمۆکی جیهادکردنە لە ڕێگەی خودا، هاوڕێیانمان کە هاتوون بۆ جیهاد هەست بەو بەختەوەرییە دەکەن».

فیلمەکە دەیهەوێت پەیوەندییەک لە نێوان پەیوەستبوون بە ڕێکخراوەکەوە و ئارامی دەرونی دروستبکات، لە نیشاندانی ژیانێکی هاوشێوەی ژیانی هاوەڵان، کە دیمەنی بەختەوەری و خۆشگوزەرانی بە دەموچاوی چەکدارانەوە دەبینرێت و دەم بەخەندەن و هەست بە بوونی پەیوەندیەکی برایەتی بەهێز لە نێوانیان دەکرێت، بەمەش ڕێکخراوەکە حاڵەتی کەنارگیری هەندێک تاکی موسڵمان کە لە ڕۆژئاوا دەژین دەقۆزێتەوە، تا پەیوەستبن بە ڕێکخراوەکەوە و چی تر لە پەراوێزدا نەمێنن و لەو دوفاقیە دەرچن کە لە ڕۆژئاوا تێیدا دەژین.

بۆ قۆستنەوەی دۆخی خراپی ئابووری، کۆمەڵایەتی، گەندەڵی و بەرزبوونەوەی نرخ لە هەندێک لە وڵاتانی عەرەبی، ڕێکخراوەکە بەشی سێیەمی فیلمی بەڵگەنامەیی دەوڵەتی ئیسلامیی لەژێر ناوی (الدولة الاسلامیة، انفاذ الشریعة في الرقة)ی بەرهەمهێنا، تێیدا پیاوان دەردەکەون بە هاوەڵی ژنەکانیان لە شەقامەکان دەسوڕێنەوە، دوکاندارەکان بەوپەڕی ئەمانەوە کاردەکەن و فەرمانبەرانی فەرمان بەچاکە چاودێری دۆخەکە دەکەن و جەخت لە جێبەجێکردنی یاساکان دەکەنەوە و دادپەروەری لە کڕین و فرۆشتندا دەچەسپێنن.

## کۆتایی

وێڕای ئەو شکستانەی داعش لە واقیعدا تووشیبوو،

بەڵام شتسی راستەقینە دەبێت لە دنیای تەکنەلۆجیاوە دەستپێبکات، چونکە لەوێوە بیری خۆی بڵاودەکاتەوە و لایەنگرانی کۆدەکاتەوە، یەکێک لە قسە بەناوبانگەکانی ئەیمەن زەواهیری رێبەری رێکخراوی قاعیدە ئەوە بوو کە دەیوت «ئێمە لە گۆڕەپانی جەنگداین، نیوەی ئەو جەنگە لە راگەیاندن دەکرێت»، هەرچەندە لە کۆنەوە وتراوە «وێنە درۆ ناکات»، بەڵام لەگەڵ گەشەکردنی تەکنەلۆجیا و راگەیاندن و پەرەسەندنی ئامرازەکانی دەرهێنان و مۆنتاجی فیلم، وێنە بۆتە یەکێک لە ئامرازەکانی درۆ و چەواشە.

**سەرچاوە:**

**مركز الاهرام للدراسات السياسية والاستراتيجية**

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

## دەربارە

ناوەنـدی کوردسـتان بـۆ توێژینـەوە لـە ململانـێ و قەیرانـەکان ناوەندێکـی قازانـج نەویسـتی سـەربەخۆیە، کاردەکات بـۆ ئەنجامـدان و پشـتگیریکردن و هانـدانی توێژینـەوەو پێشکەشـکردنی بـە ڕای گشـتی، هەروەهـا وەرگێڕانـی کتێـب و نوێتریـن توێژینـەوە جیهانییـەکان بـۆ سـەر زمانـی کـوردی و دەوڵەمەندکردنـی لیتریچـەی کـوردی لەبوارەکانـی سیاسـەت و دیراسـاتی ئاینـدە، بـە مەبەسـتی دۆزینـەوەی چارەسـەر بـۆ گرفتـە سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ئەمنییـەکان، ئاگادارکردنـەوەی دەسـتەبژێری سیاسـیی کـورد لـەو هەڕەشـانەی کـە ڕووبـەڕووی کوردسـتان و ناوچەکـە دەبنـەوە.

Political Studies PS

Terrorism & Security Studies TSS

Islamic Studies IS